# منداڵانی

# باڵەك



پیرۆزە گۆڤاری ( ژیکەڵە )




بڵاوكراوەیەكی مانگانەی منداڵانە–وەك پاشكۆی گۆڤاری (باڵەك) دەردەچێت.      ژمارە(٤) ت. دووەم– ٢٠٠٨


**پیرۆز بێت ساڵیادی ڕێككەوتننامەی مافەكانی منداڵان لە ( ٢٠ )ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ز**

## خاوێنی

منداڵان و قوتابیانی خوێن شیرین، ڕۆژانە زۆر گوێمان لە وشەی خاوێنی دەبێت، بەڵام لەبەر گرینگی ئەم بابەتە بۆ تەندروستی و ژیانی مرۆڤـ، دەبێت بەردەوام بایەخی پێبدەین و باسی لێوەبكەین، بۆیە دەمانەوێت بە چەند وشەیەكی سادە، چەند لایەنێكی پاكوخاوێنیتان بەبیر بهێنینەوە. پێویستە ئێوەی منداڵان لە ژیانی ڕۆژانەتان چ لەماڵەوە و چ لە دەرەوە بێت، زۆر بایەخ بە پاكوخاوێنی بدەن، دەبێت پێش ئەوەی دەست بە نانخواردن بكەن دەستەكانتان بشۆن، دەبێت جلوبەرگ و كەلوپەلەكانتان بە پاكوخاوێنی ڕابگرن، هەفتانە بە لای كەمەوە جارێك خۆتان بشۆن، هەروەها نینۆكتان بكەن و ئەگەر قژتان درێژبوو كورتی بكەنەوە.

M. Mergaye 2022

چەند جوانە بەردەرگەی ماڵەكانتان پاك ڕابگرن! ئاگاداربن كاغەز یان هەر شتێكی تر لە گۆڕەپان و باخچەی قوتابخانەدا فڕێنەدەن، بەڵكو بیخەنە ناو زبڵدانەوە. دەبێت لە باخچە گشتییەكاندا یان لە گەشت و سەیراندا پاشماوەی خواردن بەجێنەهێڵن، بەڵكو لەو شوێنەدا كۆی بكەنەوە كە بۆی تەرخانكراوە، هەروەها پێویستە هەردەم لەبیرتان بێت كە پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەربێت) لە بارەی پاكوخاوێنیەوە فەرموویەتی: (**پاكوخاوێن بن، چونكە ئیسلام پاكوخاوێنە**)، هەروەها فەرموویەتی: (**پاكوخاوێنی لە باوەڕدایە**).


**خاوەنی ئیمتیاز**

**ئیسماعیل گوندەژۆری**

**سەرنووسەر**

**محەمەد مێرگەیی**

**ستافی كارا :**

**محەمەد عەوڵڵا**

**كەریم حەمەدەمین**

دەتوانن بەم ئیمەیڵە بابەتەكانتان بۆمان بنێرن:

muhamada4@yahoo.com

تكایە منداڵان لەگەڵ بەرهەمەكانتان وێنەیەكی كەسیی بنێرن

ناونیشان : سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان – گۆڤاری باڵەك

تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە      چاپخانە : ماردین

# پەڕینەوە لە شەقام

وەرگێڕانی/ محەمەد مێرگەیی




١-لە ڕێگای نێوان قوتابخانە و ماڵی (ڕێوییە بچکۆلە)دا، ئۆتۆمبێلێکی زۆر تێپەڕدەبوون.

٢-لە کاتی پەڕینەوەدا (ڕێوییە بچکۆلەکە) بایەخی نەدەدا، بە ڕێگادا دەپەڕیەوە، چونکە نزیکترین ڕێگای ئەوبوو.

٣-گوێی پێ نەدەدا، ئایە ڕێگاکە چۆڵە، یاخود ئۆتۆمبێلی تێپەڕبووی خێرا هەیە؟

٤-گرنگترین شت لای (ڕێوییە بچکۆلەکە) ئەوە بوو بگاتە قوتابخانە.

M. Mergaye 2022




٥-لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، پەلەی کرد، لە پەڕینەوەی ڕێگاشدا تەماشای لای ڕاست و لای چەپی خۆی نەکرد.
لەوکاتەشدا ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی هات.

٦-فیکەی ورچەکە کە پۆلیسی هاتوچۆ بوو دەنگیدایەوە، ئۆتۆمبێلە خێراکەش ڕاوەستا.

٧-ورچەکە خێرا چووە لای (ڕێوییە بچکۆلەکە)، لە ڕێگایەکە دووری خستەوە و لێی پرسی:

-(ڕێوییە بچکۆلەکە) بۆچی وا بە خێرایی لە ڕێگادا دەپەڕییەوە؟

-ئایە تۆ نازانیت خۆت دەخەیتە مەترسییەوە؟

٨-هەروەها پێی گوت: پێویستە ڕێوشوێنی هاتوچۆ بزانیت، تاکو نەبیتە هۆی هیچ مەترسییەك بۆ خۆت و خەڵکانی دیکە.



٩-( ڕێوییە بچکۆلەکە ) پرسیاری لێکرد و گوتی:

-ڕێوشوێنی هاتووچۆ چین کە دەمانپارێزن لە مەترسی؟

١٠-ورچەکە وەڵامییدایەوە، گوتی:

-یەکەم: دەبێت لەو شوێنە بپەڕیتەوە کە بە تایبەت تەرخانکراوە بۆ پەڕینەوە لە شەقام.

١١-دووەم: پێویستە لەسەرت پابەندبیت بە هێما تیشکیی و گڵۆپەکانی هاتووچۆ، واتە ( ترافیك لایت ).

١٢-ئەگەر هێمای تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکان سووربوو، ئەوا تۆ دەتوانیت لە ڕێگاکە بپەڕیتەوە.



١٣-تیشکی گڵۆپی سوور بۆ شۆفێری ئۆتۆمبێل، واتە: ( بوەستە ).

بەڵام تیشکی گڵۆپی سەوز بۆ ئەو واتە: ( بڕۆ ). لەوکاتەشدا پیادەکان دەوەستن.

-بەڵام تیشکی گڵۆپی زەرد، واتە: ( ئامادەبە ).

واتە چاودێری کردنی گۆڕانی تیشکەکەیە لە سوورەوە بۆ سەوز، یان بە پێچەوانەوە.

ئەم تیشکە هەم بۆ شۆفێر و هەم بۆ پیادەیە.

١٤-ورچەکە قسەکانی تەواوکرد و گوتی:

-هاوڕێم پێویستە لە کاتی پەڕینەوە لە شەقام تەماشای لای ڕاست و لای چەپی خۆت بکەیت.

تاکو دڵنیا بیت لە چۆڵی ڕێگاکە لە ئۆتۆمبێلی تێپەڕبوو.

١٥-( ڕێوییە بچکۆلەکە ) گوتی:

-بە ڕاستی ئەمانە زانیاری گرینگ و بەنرخن، ئیتر منیش لەمەودوا سەرپێچییان ناکەم، سوپاسی تۆش دەکەم کە ئاگادارتکردمەوە.

ورچەکە گوتی:

- پێویست بە سوپاس ناکات، ئەمە ئەرکی خۆمە .. کاری من ڕێکخستنە، ڕێکخستنیش ئەرکە.

ئێستاش دەبێت من بە دوای کارەکەمدا بڕۆم، تۆش هاوڕێیَ خۆشەویستم بڕۆ، بەڵام بە ڕێگای بێ ترسدا.

هۆنراوە:

## پشەی خرپن

کەریم سمکۆ - چۆمان

زستانی ٢٠٠٢

ئەی پشە خرپنەکەم
لێم زیز مەبە دەم بە دەم
زیزبوونت بەبێ هۆیە
تەنیایم بەبێ تۆیە
خێرا وەرە لام بە تاو
با بتدەمێ نان و ئاو
تووڕە مەبە شێتانە
وەرە با بکەین تۆپانە
بۆم هێناوی لە بازاڕ
ئاگات لێی بێ هەموو جار
یارییەکانت ون مەکە
قەدرت لەلام کەم مەکە
پشەی خرپن وریا بە
هەردەم پاك و خاوێن بە
خۆت ڕابگرە وەکو گوڵ
با لەلام ببی بە دڵ
لە دووریتە بێزاریم
بۆ تۆیە ئامۆژگاریم
پشەی خۆمە خۆشمەوێ
پێکەوە دەکەین خەوێ



## گوندەکەم

کازم کۆیی

گوندەکەی من ڕەنگینە
خۆشترین جێگای ژینە
شوێنی باوك و باپیرمە
لەهەر کوێ بم لەبیرمە
گوندەکەم لەپاڵ چیایە
پڕ دار و گوڵ و گیایە
زۆر جوانە ڕەزەکانی
سازگارە ئاوی کانی
جریوە جریوی باڵندە
مۆسیقایە لەم گوندە
گەلەك خۆشە ئەم دێیە
قوتابخانەشی لێیە
مامۆستای باشمان هەنە
زۆر پەرۆشی ئێمەنە
فێرمان دەکەن بە چاکی
زانین و ڕەوشت و پاکی
ئێمەش هەردەم دەخوێنین
تا دوارۆژ بەدەست بێنین
ئاوەدان بێ گوندەکەم
هێلانە بڵندەکەم



سەرچاوە: نەوەکانی چریکەی دوارۆژ

M. Mergaye 2022

**ناوی چەند گوندێکی باڵەکایەتی:**

**دیلمان – سەرنێڵ - چۆمسارك – وەسان – ئیسکاوە – ڕەزوێکە – قەڵات – ماونان – خەزێنە- بەستێ – سەرکان - کۆیلە - بوران – چۆمە – زەنگەڵێن – وەڵزێ – وەڵاش – سایە – ماکۆسان – شیناوە - شیوەگولان**



# مافـەکانی منداڵان



ئێوەی منداڵ بەشێکی گرینگ و سەرەکی کۆمەڵگەن، بۆئەوەی هەر یەکێك لە ئێوە ئەرکی خۆی بزانێت، دەبێت بە مافەکانی ئاشنابێت. لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی منداڵاندا، وڵاتانی جیهان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ٢٠ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانیان مۆرکردووە. ئەم ڕێکەوتننامەیە بە یەکەم بەڵگەنامەی مێژوویی دادەنرێت کە بایەخ بە مافەکانی منداڵان دەدات و لە (٥٤) ماددەی یاسایی پێکهاتووە. هەر یەکێك لەو ماددانە جۆرێك لە مافە ڕەواکانی ئێوەی منداڵان بەرجەستە دەکات و بە سەر چوار جۆری سەرەکی دابەشدەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە: **(مافی ژیان – مافی گەشەکردن – مافی پاراستن – مافی بەشداری).**

*سەرچاوە/ کتێبی (مافە ڕەواکانمان – دلێر ئیبڕاهیم – چاپی یەکەم – هەولێر – ٢٠٠٧)

---

## چیرۆکی گیانلەبەران:

## مەیموون و ڕاوەماسی

مەیموونێك لە دارستانێك دەژیا، ڕۆژێکیان مەیموونەکە لەسەر لقەدارێك هەڵقونجابوو، سەیری چەند ڕاوچییەکی دەکرد کە لە گۆمێکدا ڕاوی ماسییان دەکرد، کاتێك کە نیوەڕۆ هات ڕاوچییەکان چوون فراڤین بخۆن، بەڵام تۆڕی ڕاوکردنیان لە قەراغی ئاوەکەدا بەجێهێشت. مەیموونەکە ئەم هەلەی قۆستەوە و لەسەر دارەکە هاتەخوارەوە، تۆڕەکەی بەدەستەوە گرت، ئینجا هەوڵیدا ئەویش وەك ڕاوڕییەکان ڕاوبکات، بەڵام دوای چەند هەوڵێك خۆی لەناو تۆڕەکەدا بینییەوە. بۆی دەرکەوت ناتوانێت خۆی دەربازبکات. لەبەر خۆیەوە گلەیی لە خۆی دەکرد و دەیگوت: لاسای خەڵکم کردەوە تا خۆم تووشی ئەم بەڵایە کرد.

M. Mergaye 2022



لەو کاتە مەیموونێك بەوێداهات، دیمەنەکەی بینی و پێکەنی، گوتی:

–برا، پێویست بوو جاری یەکەم خۆت فێرە هونەری ڕاو بکردایە، ئینجا بە کردەوە دەستت پێبکردایەن چونکە هەموو پیشەیەك لێزانینی خۆی دەوێت.

*سەرچاوە/ کتێبی (جووتیارێکی زیرەك – وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی داود)

---

## مشـك و بـۆق



لە قەراغ جۆگەلەیەکدا بۆقێك دەژیا، ڕۆژێکیان مشکێك کە بەوێدا دەڕۆیی، چاوی بە بۆقەکە کەوت، سڵاوی لێکرد و پێکەوە ملیان لە قسان نا، بۆق مشکی بانگهێشت کردە ماڵەکەی کە لەژێر ئاودا بوو، مشکیش ڕازی بوو و دەگەڵی چووە نێو ئاوێ، بەڵام چونکە مەلەی نەدەزانی وەخت بوو بخنکێ، هەر چۆنی بوو خۆی ڕزگارکرد، بەڵام زۆری ئاو چووبووە نێو سکی.



مشك دوای ئەوەی لە ئاو هاتەوەدەر، لەبەر خۆیەوە گوتی:

–شەرتە هەتا ماوم قەت نەبمە میوانی هیچ نەناسیاوێك و نەچمە شوێنێك کە شارەزای نەبم.

*سەرچاوە/ کتێبی (چیرۆکی شیرین بۆ منداڵانی خوێن شیرین– وەرگێڕ: سولەیمان دڵسۆز)

# کۆمپیـوتەر:

## بەش و پارچەکانی کۆمپیوتەر

( ١ )



منداڵـە خۆشەویـستەکان، (**کۆمپیوتـەر**) ئامێرێکـە بـە وزەی کارەبـا کاردەکـات و بـە شێوەیەك لە لایەن زانایانەوە دروستکراوە کەوا کار و فەرمانەکانی مرۆڤـ زۆر بـە وردی و خێرایی جێبەجێ بکات.

**(کۆمپیوتەر) لە چەند بەش و پارچەیەك پێکهاتووە کە ئەمانەن:**

١-( **کەیس- سندوقی کۆمپیوتەر** ):

لـە شـێوەی سـندوقێکدایە و شـێوەی سـتوونی و ئاسـۆییان هەیـە، بەشـی هـەرە سەرەکی (کۆمپیوتەر)ە، چونکە هەموو بەش و یەکە سـەرەکییەکانی کۆمپیوتـەری تێدایـە، جێگـەی ئـیش پێکردنـی (سیدی و دیڤیدی) و دوگمەی پێکردن و کوژاندنەوی کۆمپیوتەرەکەی لەسەرە، هەروەها شوێنی پێوە بەستنی گشت دەزگاکانی دیکەی هەیە.

٢-( **مۆنیتەر- شاشە** ):

هـەر وەکـو شاشـەی (تەلـەفزیۆن) وایـە، جگـە لـە وایـەر و کێبڵـی وزەی کارەبـا، بـە وایـەرێکی دیکـەی تایبـەت بـە (کـەیس)ەوە دەبەسـترێت. (شاشـە) بـۆ بینینـی ئـەنجامی هـەموو ئـەو کارانەیـە کـە لـە (کۆمپیوتـەر)ەکـەوە ئەنجامیدەدەین.

M. Mergaye 2022

٣-( **کیبۆرد- بۆردی دوگمەکان** ):

(کیبۆرد) لە شێوەی تەختەیەکی دوگمەدارە، چونکە کۆمەڵێك دوگمـەی لەسـەرە، هەنـدێ لـە دوگمـەکان تایبـەتن بـە پیتەکانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی، هەروەها دوگمەی تایبەت بە ژمارەکان و هێما نێودەوڵەتییەکان و هی تـری لەسـەرە. بـە شـێوەیەکی گـشتی (کیبـۆرد) بـۆ پێـدانی زانیـاری بـە کۆمپیوتـەر بـە شـێوەی (نووسـین) بەکاردەهێنرێت.

٤-( **ماوس** ):

دەزگایەکی بچکۆلەیە، بەکاردێت بۆ پێدانی زانیاری بە کۆمپیوتەر، بـە داگرتنـی دوگمـەکانی سـەر مـاوس دەگوترێـت (کلیك)کردن. هێمای (ماوس) وەکو تیرێك لەسەر (شاشە) دەردەکەوێت، لـە هەنـدێ بـاردا ئـەم هێمایـە دەگۆڕێـت بـۆ هێمای دیکە. بە جوڵاندنی نەرمی (ماوس) بە ئاسانی تیرەکە دەجوڵێتەوە و دەچـێتە شـوێنی مەبەسـت و کـاری پـێ دەکرێت.

٥-( **سپیکەر- ئامێری دەنگ بیستن** ):

بریتییە لەو ئامێرەی کە بۆ گوێ بیست بوونی دەنگ بەکاردێت، چ لە کاتی کارپێکردنی (سیدی و دیڤیـدی) بێـت یـان بۆ ئەو زانیارییانەی کە بە شێوەی دەنگ لە ناو کۆمپیوتەردا خەزنکراون.

**تێبینی**/ دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کۆمپیوتەری جۆری (لاپتۆپ) کە لە شێوەی جانتایەکی بچووك دەچێت، جیاوازە لەگەڵ ئەم جۆرەی ئێمە باسی دەکەین.

چیرۆك :

# بۆ سەربەستیی کەوەکان

**بە پێنووسی/ محەمەد مێرگەیی**

**( ئارام )ی تەمەن دوانزە ساڵ، منداڵێکی ژیر و چالاکە، لە قوتابخانەشدا بە قوتابییەکی زیرەك و چاپوك ناسراوە، قوتابییە هاوەڵەکانی و مامۆستاکان زۆر خۆشیان دەوێت. خانووەکەیان دەکەوێتە سەرووی خانووەکانی تری گوندەکەیان. گوندەکەی ( ئارام ) خنجیلانەیە و کەوتۆتە بناری شاخێکی سەرکەش و بڵند، لە زستاندا بەفرێکی زۆر دای دەپۆشێت.**

**باوکی زۆر جار باڵندەکانی ڕاودەکرد، ( ئارام ) حەزی نەدەکرد هیچ کەسێك ئازاری ئاژەڵ و باڵندەکان بدات، بۆیە هەموو جارێك زۆر خەمبار دەبوو. شەوێکیان، لەو کاتەی خەریکی خوێندن بوو، گوێی لێ بوو باوك و دایکی قسەیان دەکرد و باوکی دەیگوت:**

**-بۆ سبەینێ لای کانییەکەی سەرەوە تەپکەی زۆرم داناوە و ڕاوە کەوێکی باش دەکەم.**

**کە ( ئارام ) گوێبیستی ئەمە بوو، خەمباریی دایگرت و کەوتە خەیاڵ و بیرکردنەوە، دوای چەند ساتێك بە خەندەیەکەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرەوەی کرد، کە یەك پارچە بە بەفر دا پۆشرابوو،**

**( ئارام ) لەبەر خۆیەوە گوتی: دەبێت چیتر بێدەنگ نەبم.**

M. Mergaye 2022

**سپێدە زوو پاش مەلا بانگدان، گەرچی هێشتا دنیا تاریك بوو، زۆریش سارد بوو، بەڵام ( ئارام ) بڕیاریدا بەر لە باوکی بگاتە شوێنی تەپکەکان.**

**بە تەواوی خۆی داپۆشی، بە هێمنی چراکەی هەڵگرت و لەماڵەوە هاتە دەرەوە، ڕووی کردە کانییەکەی سەرەوەی گوند، لە ڕێگادا زۆر ماندوو بوو، چەندجار خلیسکی دەبرد، دواجار گەیشتە سەر تەپکەکان، گشت کەوەکانی بەرەڵا کرد.**

**( ئارام ) بەمە ئەوەندە دڵخۆش بوو، لە خۆشیاندا دەستەکانی بەرزکردەوە و بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد:**

**-کەوە جوانەکان .. نامەوێت ئیتر ڕاوبکرێن، بڕۆن .. هەڵفڕن .. ئازادبن .. سەربەست بژین.**

**زایەڵەی دەنگی بەهێزی ( ئارام ) لەگەڵ قاسپەی کەوەکان تێکەڵ ببوو و لە هەموو ئەو دەوروبەرە دەنگیدەدایەوە.**

---

## پـــیرۆزبـــایـــی:




ژمارە (١)ی گۆڤارێکی تری منداڵان بەناوی گۆڤاری (**ژیکەڵە**) کەوتە بەردیدی منداڵانی کوردستان، ئەم گۆڤارەش لە پێناو سوود و خۆشیی منداڵانی کوردستان، هاتە ڕیزی گۆڤارەکانی تر. بەناوی منداڵانی باڵەکایەتی و ستاف (**منداڵانی باڵەك**) پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی گۆڤاری (**ژیکەڵە**) و ستافەکەی دەکەین، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازین.

# پیرۆزبێتساڵیادی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان





## وەرزی پاییز

منداڵانی ئازیز: وەرزی پاییز وەرزی (خەزان)یشی پێدەگوترێت، ئەم وەرزە یەکێکە لە چوار وەرزەکەی ساڵ و بریتیە لە مانگەکانی (ڕەزبەر – گەڵاڕێزان – سەرماوەز)، لەم وەرزەدا گەڵای درەختەکان زەرد دەبن و هەڵدەوەرێن، دنیاش بەرەو ساردی دەڕوات، لە دێهاتەکاندا خەڵك گەڵا و چرۆی داران کۆدەکەنەوە بە نیازی هەڵگرتنیان بۆ ئالیکی زستانەی ئاژەڵان و دار ئامادەدەکەن بۆ سووتاندنی لە کاتی سەرمادا. شەوانی وەرزی پاییز درێژن و ڕۆژەکانی زۆر کورتن بە پێچەوانەی وەرزی بەهار. زۆر لە شاعیر و هۆزانڤانانی کورد لەسەر وەرزی پاییزدا شیعر و هۆنراوەیان نووسیوە. ئایە تۆش لە بارەی وەرزی پاییزەوە هۆنراوەیەك دەزانیت؟

سەرچاوە/ کتێبی (وەرز و ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا) پ. د. شوکریە ڕەسول

M. Mergaye 2022



## مۆز توانای مێشك زیاتر دەکات

مۆز میوەیەکی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین و کانزاکان، بە تایبەتی پۆتاسیۆم کە بۆ فەرمانەکانی خانەی دەمار و ماسولکەکان پێویستە. هیندییە کۆنەکان مۆزیان بە (میوەی دانایان) ناودەبرد، چونکە لە لای ئەواندا (مرۆڤە ژیر و داناکان) زۆر دەیانخوارد، لە کاتێکدا وەرزێرە عەرەبەکان بە (باوك کوژە) ناویان دەبرد، چونکە دارمۆز دوای پێگەیشتنی بەرەکەی، درەختەکەی وازلێدەهێنرێت تاکو لە جێگەیدا یان لە نزیکیدا دارمۆزێکی تر شین ببێتەوە و بەرێکی نوێ بدات. ئایە تۆ حەز لە خواردنی مۆز دەکەیت؟

سەرچاوە/ گۆڤاری (عالم الغذاء) ژمارە (٤٨) ساڵی ٢٠٠٨

## ئایە دەزانیت؟



ئا/ محەمەد عەوڵلا مێرگەیی

– ئایە دەزانیت ورچ لەگەڵ ئەوەی زۆر حەزی لە هەنگوینە، حەز بە خواردنی جۆرێك لە (ماسی)ش دەکات کە ناوی (سەلەمۆن)ە؟

– ئایە دەزانیت گیانەوەری (پاندا) وەك دروشمێك دانراوە بۆ (سندوقی نێو دەوڵەتی پاراستنی ژینگە)؟

– ئایە دەزانیت کاتێك (تیمساح) سەری لەناو ئاو دەردەهێنێت و دەمی دەکاتەوە بۆ ماوەیەك و بەبێ جوڵان، بۆ ئەوەیە ئەو گەرما زۆرە دەربکاتە دەرەوە کە لەناو هەناویدا هەیە؟

– ئایە دەزانیت ئەو وردە خاڵانەی کە لەشێوەی چاو لەسەر باڵی پەپولە دەبینرێن، بۆ بەرگریکردنە لە خۆی، بۆ ئەوەی وا لە دوژمنەکانی بگەیەنێت کە ئەوە چاوی باڵندەیە؟

– ئایە دەزانیت (مار) کاتێك زمانی دەردەهێنێت بۆ بۆنکردن بەکاری دەهێنێت؟



سەرچاوە/ کتێبی (١٠٠ سؤال و جواب



**(منداڵانی باڵەك)** هەنگاوێکە بۆ گەشەپێدانی هزر و تواناکانی منداڵانی (باڵەکایەتی).